کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
27-1-2007 19:51 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# دەنگی عەدنان کەریم، دەنگێک کە لەناخەوە دەمهەژێنێ ... کارزان گلی



دەنگێك لەناخەوە دەمهەژێنێ و لەدڵەوە دەمسوتێنێ، دەنگێك فێرم دەکات چۆن بەزمانی عەشق بدوێم، چۆن ئاوێتەی جوانی بم، فێرم دەکات چۆن بتوانم گوزەر بەناو ڕۆمانسیەت و ئاسمانێکی بێگەردا بکەم، ئاخر ئەو دەنگە چاك دەزانێت ئەم دنیایەی من تیای دەژیم شوێنێکی تیا نەماوە رق جێی لێ خۆش نەکردبێت، دەزانێت شتە پیسەکان باڵی بەسەر هەموو جوانییەکانی ژیاندا کێشاوە، بۆیە جار جارە بەمیلۆدییە ڕەسەنەکانی و دەنگە ناسکەکەی لەم دنیا پیسە ڕامدەکێشێت بۆلای خۆی و منیش ئا لەو ساتانەدا تەنها جوانی دەبینم، رقم لەلا نامێنێت و ئەو دەنگە مەستم دەکا. . . . مەستم دەکا.

کاتێك عاشقێك هەست بەنامۆ بوونی خۆی دەکات لەناو دەریای عەشقدا، کاتێك هەست دەکات لەئاست خۆشەویستیدا شکستی خواردووە، ئەو کات هیچی لەدەست نامێنێ یەکسەر هانا بۆ دنیا بێگەردەکەی تۆ دەبات و تا گریانەکانی ژیر کەیتەوە. تۆ هێندە بەسۆزی بۆ نیشتیمانەکەت، لەکاتی کورەودا، لەکاتی داگیرکاریدا، لەکاتی کیمیاباران و هەڵبجەدا بەدەنگە حەزیناوییەکەت ئارامیان دەکەیتەوە. دەنگی تۆ بولبلەکان لەگەڵ چڵ ئاشت دەکاتەوە، فرمێسکی سەر ڕومەتی عاشقێکیش دەسرێتەوە، دڕندەکان بێدەنگ دەکەیت و هەموو گوێیە داخراوەکان دەکەیتەوە. من کاتێك گوێم لەدەنگی تۆ دەبێت گوێچکەکانم تەنها سەرنجیان لەلای تۆیەو لەو کاتەدا کەسیان نایەتەوە بیر، فرمێسك زوو خۆی دەکاتە میوانی من و تا تۆ نەڕۆیت ئەویش ناڕوا، بۆیە دەڵێم گەر جێت هێشتم لەناکاو جێم بهێڵە و مەهێڵە هیچیتر فرمێسکەکانم لێت زویر بن. دەنگی تۆ هاوڕێی تەنیاییمانە، هاوڕێی شەوانی یەڵدایە، هاوڕێی ئەو کەسانەیە کە سالآنێکە لەچاوەڕوانی خۆشەویستەکانیاندا لەسوچێکدا گۆشەگیر بوونە و دەنگی تۆش دڵنەواییان دەداتەوە. دەنگی تۆ، هەمیشە نەمرە و لەناو دڵی هەمووماندا دەمێنێتەوە و هەموو کات ئاوڕشێنێکی دڵە سوتاوەکانمانی پێدەکەین.

عەدنان کەریم، هەر لەسەرەتای دەستپێکردنتی کاری هونەری توانی خاوەن ستایلێکی تایبەت بەخۆی بێت و لەچوارچێوەی ئاواز و مۆسیکی کوردیدا خۆی ببینێتەوە. زۆر زیرەکانە مامەڵە لەگەڵ شیعردا دەکات، هەربۆیەشە توانیوەتی لەزۆربەی ئاوازەکانیدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، نابێت ئەوەشمان بیر بچێت کە ئەو شیعرانەی ئەو دەیانکاتە گۆرانی هەموو هونەرمەندێك ناتوانێت خۆی لەقەرەی ئەو شعرانە بدات، ئەمە تەنها بۆچوونی خۆم نییە بەڵکو زۆر لە پسپۆرانی مۆسیکی دانیان بەو ڕاستییەدا ناوە.

(ئەمشەو) کە دوایین بەرهەمی هونەرمەند عەدنان کەریم بوو و بەهاوکاری جوانترین و بەناوبانگترین تیپی کوردی (کامکاران) بڵاوکرایەوە، دەتوانم بڵێم شاکارێکی تری خستە ناو مۆسیك و ئاوازی کوردییەوە. من کاتێك گوێ لەو بەرهەمەی عەدنان دەگرم هەست دەکەم گوێم لەدەنگێکی ڕەسەن و ئاواز و شیعرێکی کوردی ڕاگرتووە هەرگیز بەلای هونەری بێگانەدا نەڕۆیشتووە، دەکرێ هەمووشمان شانازی بەو بەرهەمەوە بکەین. نابێت ئەوەشمان بیر بچێت خەڵکێکی زۆر پێشوازیان لەو بەرهەمە کرد و بۆ دوو جار چاپکرایەوە و بەپێی ئامارێك تەنها لەکوردستانی باشوور 80000 هەزار دانەی لێفرۆشراوە.


ئەو نووسینانەی لە (کوردستان نێت) دا بڵاو دەکرێنەوە، بیر و بۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێیان بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
27-1-2007 19:51 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ئەو گۆرانییەی کە لەدواهەمین بەرهەمیدا زۆر کاریگەری لەسەر ناخی مندا هەیە گۆرانی:

لەو ڕۆژەوە تۆی دیوە پەرێشانە دڵی من
سەودا زەدەو و بێ سەر و سامانە دڵی من

کە هۆنراوەی (شێخ نوری شێخ ساڵح) و ئاوازەکەشی (عەدنان) خۆیەتی، هەرکاتێك گوێی لێ ڕادەگرم حەز دەکەم بگریم، جا نازانم سیحری گۆرانییەکە لەوەدایە کە من بگریم، یاخود تەنها ناخی منە بۆی دەسوتێت، من هەر کاتێك حەز بەگریان بکەم گوێ لەو گۆرانییە ڕادەگرم، بۆیە ئاواتەخواز بووم هۆنراوەی ئەم گۆرانییە هی من بوایە، چون وادەزانم ئەم هۆنراوەیە هەڵقوڵاوی ناخی خۆمە.

وەکو شەیدایەکی دەنگی هونەرمەند دوو تێبینیم لەسەر دواهەمین بەرهەمی هەیە.

1. لەسەرەتادا ئاماژەم بۆ ئەوە کرد کەوا عەدنان خاوەنی ستایلێکی تایبەت بەخۆیەتی، بەڵام لەبەرهەمی (ئەمشەو) یدا لەگەڵ کامکاراندا هەست دەکەین کە ستایلی خۆی لەدەستداوە و زیاتر بەلای کامکارانەوە دەچێت، من پێم وایە ئەگەر لەسەر هەمان ڕێچکەی جارانی کاری لەو بەرهەمەی بکردایە بەرهەمەکەی چەندە سەرکەوتوو بوو هێندەی ئەو سەرکەوتنەش چێژی دەبوو.

2. هەست دەکەم عەدنان لەناو کامکاراندا ونبوونێکی پێوە دیارە، ئەگەر زیاتر مەبەستەکەم ڕوونبکەمەوە، عەدنان ئەوەندە سەرسامە بەگروپی کامکاران، بۆیە خۆی لەوان بەکەمتر دەزانێت، بەڵام لەجەوهەریشدا وانییە چونکە کامکارانیش ناتوانن لەگەڵ هونەرمەندێکدا کار بکەن کە ئاستی هونەرییان لەخۆیان نزمتر بێت، بەڵگەشم بۆ گوتەکەم تا ئێستا عەدنان یەکەم هونەرمەندە کە گروپی کامکاران کاری لەگەڵدا بکەن. من تەنها یەك پرسیار دەکەم، ئاخۆ ئەگەر کامکاران دوا بەرهەمی عەدنانیان بەدەنگێکی تر بڵاوبکردایەوە مەبەستم هەرگۆرانیبێژێکی ترە ئەو پێشوازییەی لێدەکرا، کەوا خەڵکی لەم بەرهەمەیان کرد؟ بێگومان نەخێر.

من تەنها ئەو دوو تێبینیەم لەدوا بەرهەمی هونەرمەندی شانازی گەلەکەمان هەیە، هیوا دارم لەداهاتوودا بەدەنگە ئەفسوناوییەکەی خەزێنەی هونەری کوردی زیاتر دەوڵەمەند بکات.

Karzan_ma82@yahoo. com


ئەو نووسینانەی لە (کوردستان نێت) دا بڵاو دەکرێنەوە، بیر و بۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێیان بەرپرسیار نییە.